# بۆ كەسێك كە دڵی هەبێت

وەرگێڕانی: م/ صلاح الدين عبدالكريم

هێشتا لەبیرمە کاتێك کە منداڵێکی بچوك بووم..

خرامــە نەخۆشــخانەوە بــۆ مــاوەی هەفتەیەك لە ئەنجامی سەرما بوونم..

وە لـە کـاتی دەرچـوونمدا گـوێم لـێ بـوو پزیشــکەکە بــە بــاوکمی ووت: ئێســتا تەندروسـتی باشـە، بـەڵام لەوانەیـە ئـەم نەخۆشــیيە لــە داهــاتوودا کاریگــەری هەبێت..

چەند ساڵێکی درێژ تێپەڕی..

بووم بە گەنج و پاشان بە باوك..

هەندێ جـار هەسـتم بـە بێـزاری و مانـدوو بــوون دەکــرد کــە کــەمترین کۆششــم بکردایە..

چوم بۆ نەخۆشخانە بۆ کردنـی پشـکنینی تــــــــەواو ( فحــــــــص ) ..

بـۆم دەرکـەوت لاوازی هەیـە لـە بـۆڕی یەکانی دڵمدا..

وە پێویستیم بە نەشتەرگەری یـەك هەیـە لە دڵمدا ..

وەئـەم لاوازیيـە لـە ئـەنجامی سـەرمایەك تووشم بووە لـە سـەردەمەکانی پێشـوودا کە بۆتە هۆی ڕۆماتیزم لە دڵمدا ..

هەوڵمــدا پزیشــکەکە ڕازی بکــەم بــە چارەسەرکردنێك یاخود پشوودانێك..

لەجیاتی نەشتەرگەری یەکە.. بـەڵام پێـی ڕاگەیاندم ..

- پــاش چــەند مــانگێکی تــر پێویســتیت بــە نەشــتەرگەری دەبێت..

وە خۆت دڵنیا دەبیت لەم شتە..

بەڵێ وابوو پاش چەند مانگێك لاوازی بـۆم دەهــات و بێزاریشــم پێــوە دیــار بــوو..

وە بڕیارم دا ڕازی بم بـە قـەزا و قـەدەری خوای گەورە وە ئیشەکەم بدەمە دەستی خوا ..

پاش فەحسێکی گشتی وئەوەی کە پێویست بێت لە لێکۆڵینەوە.. کاتێکم وەرگرت تا ئامادە بم لە نەخۆشخانە بۆ مانەوە ئەویش پێش کاتی جێ بەجێ کردنی نەشتەرگەری یەکە بە یەك ڕۆژ..

وە ئەم شتە ڕویدا ..

لە ڕۆژی یەکەمدا خزمەکان سەردانیان کردم ..

وەمن زۆر پشوو دڵ ئارام و هێمن بووم..

نزیکەی زیاتر لە کاتژمێرێك لەگەڵ ئەو پزیشکەدا دانیشتم کە هەڵدەستێت بە جێ بەجێ کردنی نەشتەرگەری یەکە ..

لە شەوی پێش کاتی نەشتەرگەری یەکە خەوتنێکی هێمنانە نووستم..

بیرم لە هیچ شتێك نەکردەوە..

لەگەڵ بانگی بەیانیدا هەستام لەخەو..

گوێم لە بانگەکە بوو..

وە دەنگەکەی لە ناوەوەم دوبارە دەبووەوە..

لەشمی هەژاند..

دەنگێك بە مێشکمدا هات..

ئارامی‌یەکەم گۆڕا..

نازانم چی ڕووی‌دا بە سەرمدا..

نەشتەرگەری یەکە قورسە..

لەوانەیە ئەمە دوا ڕۆژت بێت لەم ژیانەدا..

لەوانەیە ئەمە دوا بانگ بێت بیبیستیت لە ژیانتدا..

ئەم قسە شاراوانە ڕامی دەکێشا لە هەموو لایەکەوە ..

پێشتر من لە کوێ بووم..

پرسیارێك بوو وای لە فرمێسك کرد کە بەخوڕ بەچاومدا بێتە خوارەوە ...

ژیانی ڕابردووم وەك خەو ڕۆیشت..

من لە کوێم دەربارەی قیامەت؟!

ئائەوە مردنەو لێم نزیك بۆتەوە..

وە کاتێك چاوم بەرز کردەوە..

پەرستیارەکە لەلای سەرمەوە ڕاوەستابوو..

چیتە؟

وەڵامیم نەدایەوە..

هیچ وەڵامم لا نی‌یە..

بەڵام هەستی بە دڵە ڕاوکێ وشڵەژاوی و نیگەرانیم کرد ..

لەوانەیە چاوەڕوانی ئەم شتە بێت چونکە دەرزی بەنجی بەدەستەوە بوو..

دەستم دانا.. وەمن دەمزانی کە دڵم دەدەمە دەست نەشتەرگەرەکە..

وەپێش هەموو ئەمانە ئیشەکەم دایە دەستی خوای گەورە..
سنگم دەکرێتەوە ولەت دەکرێت..
وەدڵم لە لێدان دەکەوێت بە درێژی ماوەی نەشتەرگەری یەکە..
وە لە کاتی کۆتایی هاتنی نەشتەرگەری یەکە بارگەیەکی کارەبای دەدرێت لە لەشم بۆ گورج و گۆڵ کردنەوەی دڵم و گەڕانەوەی جارێکی تر بۆ لێدان..
وەلەکاتی وەڵام نەدانەوە یان ( لێ نەدانی دڵم) دووبارە کارەبای لێدەدرێتەوە..
پاشان هەڵدەگیرێم لە سەر شان بۆ گۆڕستان..
زانینم بۆ هەموو ئەم شتانە بە درێژی وای لێکردم کە تەماشای ژیان بکەم زۆر بە سوکی و بێ نرخی..
چۆن من کەمتەرخەمیم کرد لە تەمەنمدا..
پاش لێدانی دەرزی یەکە بێهۆش بووم..
دواتر زانیم کە نەشتەرگەرییەکە لە دڵمدا هەشت کاتژمێری بەردەوامی خایاندووە..
سوپاسی خوای گەورەم کرد کە دڵم وەڵامی یەکەم لێدانی کارەبایی دایەوە ..

- پاش دەرچونم لە نەخۆشخانە.. هەموو ڕۆژێك بەتەمەنمدا دەچوومەوە..

ئەو ڕۆژەم بیر دەکەوتەوە کە فرمێسك بە خوڕ بەچاومدا دەهاتە خوارەوە کە من لەسەر جێگای مردن بووم ..
چۆن وەڵامی خوای گەورە بدەمەوە؟ وە بەچی؟
وە هەرجارێك ئەو کاتەم بیر بکەوتایەتەوە گوێڕایەڵی کردن و نزیك بوونەوەم لە خوای گەورە زیادی دەکرد..
وە هەر کاتێك نەفسم ڕای بکێشتمایە بۆ کەمتەرخەمی و تەمەڵی بیری ئەو کاتەم دەکردەوە..
سوپاسی خوای گەورەم کرد کە گەڕاومەتەوە بۆ ژیان سەر لە نوێ .

**وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين**.